# دەق و وەرگر لە هێرمنیوتیکای گادامێردا

**هاشم سەڕاج**




لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم کار لەسەر کتێبی «گادامێر.. چەمکی ئاگایی جوانناسی/ لە هێرمنیوتیکای فەلسەفیدا»ی دکتۆر ماهر عەبدولموحسین حەسەن بکەم کە لە بڵاوکراوەی «دار التنویر»ـە، ڕەنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی دەق و وەرگر لە هێرمنیوتیکای گادامێردا سوود لە چەند سەرچاوەیەکی تریش وەربگرم، سەرەتا بۆ پێناسەکردنی وشە، یان زاراوەی هێرمنیوتیکا بۆ کتێبی «تێگەیشتن و دەق»ی «بومەدین بوزید» دەگەڕێمەوە کە توێژینەوەیەکە لە بارەی میتودی ڕاڤەکردن لای شلێرماخر و دیلتای، لەم کتێبەدا هاتووە کە هیرمنیوتیکا لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، واتای هونەری ڕاڤەکردن دەگەیەنێت و واژەی Her-menia لە هرمس Hermesی خوداوەندی نێوەندیاری نێوان خوداوەندەکان و خەڵک هاتووە کە تەفسیری بۆ دەکردن و وشە هێماییەکانی شی دەکردەوە و تەلیسمەکانی بۆ دەکردنەوە، پاشان هێرمنیوتیکا لەگەڵ باوکانی کلێسا بایەخی بە تەفسیرکردنی وشەی «ئەڵلا- خودا»دا، کەواتە دەکرێت بڵێین هێرمنیوتیکا شەپۆلێکی فەلسەفییە و لە بواری ڕاڤە و شیکردنەوەدا لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە لە (شلێرماخر و دلتای)یەوە تا هایدگەر و گادامێر...تاد

هەڵبەتە فینومینۆلۆژیای «هۆسرڵ» بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت کە کاری لەسەر فەلسەفەی [هانز جورج گادامێر] کردبێت، هەروەها هەمان سەرچاوە، «هایدگەر»ی لە بیرکردنەوەی میتافیزیکی ڕزگار کرد. گادامێر لە ڕوانگەی هێرمنیوتیکای فەلسەفییەوە ڕوانینە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنێت و بەشێوەیەکی نوێ سەیری هونەر و مانا و ئاگایی ئیستێتیکی دەکات، گادامێر بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت جەخت لەسەر ڕۆڵی هونەر دەکات، گادامێر پێی وایە حەقیقەتی زانستی شتێکی جیایە لە حەقیقەتی مرۆڤایەتی، حەقیقەت دەشێت، لە هونەردا دەربکەوێت و تێیدا خودگەرایی و بابەتگەرایی تێپەڕێنێت، لێرەدا گادامێر لە کردەی وەرگرتن دەدوێت کە پرۆسەیەکی هاوبەشی ئۆنتۆلۆژییە و دیالۆگ لەنێوان خوێندنەوە و کاری «ئەدەبی – هونەری...تاد دا ئەنجام دەدات. ئەم پرۆسەیەش ئاسۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان فراوان دەکات. لێرەدا هەوڵ دەدەم لە پێوەندی نێوان وەرگر و دەق بدوێم.

لای گادامێر شێوەیی سیاقی پێوەندی دانەر/ تێکست/ خوێنەر/ دەگۆڕێت بۆ دووبەش دانەر/ دەق، خوێنەر/ دەق، دانەر لە ڕێگەی پرۆسەی داهێنانەوە پێوەندی بە تێکستەوە هەیە، ئەمیش پابەندە بە شێواز و داهێنانی دەقەوە، بەڵام هەر کارێک کە بەرهەم هێنرا، دەبێتە کارێکی سەربەخۆ و پێوەندی بە دانەرەکەیەوە نامێنێت، چونکە مانای نێو دەق لەگەڵ مەبەستەکانی دانەر یەک ناگرێتەوە، بە تایبەتی مەبەستە سایکۆلۆژییەکانی دانەر کە تایبەتە بە خودی خۆیەوە، بەڵام مەبەستە زەینییەکانی نێو دەق پێویستە لەلایەن وەرگر «خوێنەر»ەوە سەیر بکرێت کە بەشێکە لە شارەزایی ئەو.

ئەم دیاریکرانەی گادامێر لە جیهانی هێرمنیوتیکا و ئیستێتیکدا بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە گادامێر هەوڵ دەدات بنەڕەتێکی ئەنترۆپۆلۆژی بە هونەر ببەخشێت و پابەندی شێوەگەلی ژیانی مرۆڤایەتی بکات، لێرەوە هێرمنیوتیکا، یان دەسپێکی ڕاڤەی فەلسەفی گادامێر لە ڕێگەی چەمکی گەمە و سیمبۆل و ئاهەنگسازییەوە بە یەککگەیشتنێکی مێژوویی لە نێوان هونەری ڕابوردوو و هونەری سەردەمدا دەسازێنێت کە پەیوەستە بە یەککگەیاندنی ئاسۆکانەوە، چونکە چەمکی ئاسۆ لای گادامێر دەکرێت بە ژیان، یان جیهان ناودێر بکرێت، هاوکات شێوازێکی ترە بۆ وەسفکردنی ناوکۆیی «سیاق» پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە دکتۆر ماهر عەبدولموحسین جەختی لەسەر دەکات و دەڵێت سەرەتا چەمکی فەلسەفە لای گادامێر بۆ فیلۆلۆجیا دەگۆڕدرێت، دواتر بۆ فینۆمینۆلۆجیا، ئینجا هێرمنیوتیکا و توێژینەوە لە بابەتەکانی هونەر و مێژوو و زمان. لە ڕوویەکی دیکەوە «گادامێر لە بواری فەلسەفە و هونەردا) جەخت لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکات، یەکێکیان «جووڵەی شڵەژاو»ە و ئەوەی تر گەمەی ئازادی بێ مەبەستە، ڕەنگە ئەوەی دووەمیان پێوەندی بە ڕوانینی «کانت»ەوە هەبێت، بە تایبەتی لە بواری ئاکارناسی و ئیستێتیکادا، یەکەمیشیان لە «نیگای ئونتۆلۆژی» هایدگەرەوە سەرچاوە بگرێت، وێڕای «جیهانی ژیان»ی هۆسرڵ کە ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەکانی هایدگەر و گادامێردا دەبینێت، بۆیە هونەر لای گادامێر جۆرێک لە گەمەی ئازادی بێ مەبەستە، هاوکات لای گادامێر «ئشتیفان جئورجە»ی شاعیر ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە، پاشان خودی بەشداریکردن لای گادامێر بە جەوهەری ئەو میتودە دادەنرێت کە بۆ زانستی مرۆڤایەتی پێشنیاری دەکات، چونکە بەشداری کردن لای گادامێر خەسڵەتی هەژموون، یان هەژموون کردن وەرناگرێت، بەڵکو وەرگر لە بەشداریکردنەوە بەرەو تێگەیشتن و دیالۆگ و گوێ هەڵخستن دەبات، بەم شێوەیە بە یەککگەیاندنی ئاسۆکان، وەرگر و دەق، یان لەگەڵ ئەوی دی ئەنجام دەدرێت، هەروەها پرۆسەی تێگەیشتن و لێکدانەوە و پراکتیزەکردن لای گادامێر، پرۆسەیەکی یەکانگیرە، هاوکات پرۆسەی دانان «داهێنان» بابەتێکی ئاڵۆزە، چونکە هەڵگری کۆمەڵێک توخمی ئاگایی و نائاگاییە، بەڵکو توخمەکانی نائاگایی تێیدا لە توخمەکانی ئاگایی زیاترە، هەروەها دەق ئاماژە بۆ شتێ ناکات لەودیوی خۆیەوە بێت، بەڵکو ماناکان لە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت بەو سیفەتەی دەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی ڕاستەقینە، لێرەدا قەبارەی بابەتەکان لە ڕاڤەکارێکەوە بۆ ڕاڤەکارێکی تر دەگۆڕێت، بەمەش بەپێی ئاسۆی تایبەتی خۆیەوە لای گادامێر ڕاڤە گەڕان نییە بەدوای ئەو مانا بەرجەستەیەی کە دانەر مەبەستیەتی، چونکە مانا بوونەوەرێکی تەواو کۆ نییە لەنێو دەقدا نیشتەجێ بێت و چاوەڕێی کەسێ بێ یەکڕاست دەستەبەری بکات.

ئەو مانایەی کە دانەر مەبەستیەتی لە قووڵایی دەقدا، بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت کۆمەڵێک توانایی کراوەیە کە کولتوور پەیوەستی دەکات و ئاسۆکانی «دانەر» «ڕابوردوو» پێکدەهێنێت، بە یەککگەیشتنی لەگەڵ ئاسۆکانی ڕاڤەکار «ئێستا» پرۆسەی تێگەیشتن جێبەجێ دەکرێت- چونکە مانا لای گادامێر «ڕووداوە» و توخمی زەمەن لە پێکهێنانی بەشدارە، تێگەیشتنیش پرۆسەیەکی جەدەلییەو نە کۆتایی پێ دێ و نە کامڵیش دەبێت، بۆیە ڕاڤەی فەلسەفی، یان هێرمنیوتیکا لای گادامێر بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت: شڵەژانی، یان یاریکردنی ئازاد لەنێوان هاودژەکان، لە میتودەوە بۆ حەقیقەت، لە حەقیقەتەوە بەرەو میتود، لە تێگەیشتنەوە بەرەو لێکدانەوە، لە لێکدانەوەوە بەرەو تێگەیشتن، لە دەقەوە بەرەو وەرگر، لە وەرگرەوە بەرەو دەق، ئەمە ئەو سیفەتە ئیستێتیکییەیە کە فەلسەفەی گادامێر و سەرجەم چالاکییە مرۆییەکان ئەو مۆرکەیان وەرگرتووە، بۆیە لە کردەی داهێنانی

خوێندنەوەدا، خوێنەر لەسەر دەستی گادامێر گۆڕدرا بۆ هونەرمەند و پرۆسەی ڕاڤەش بۆ چالاکییەکی ئیستێتیکی، چونکە گادامێر پێی وایە پێویستە ئیستێتیکا نوقمی نێو زانستی هێرمنیوتیکا بێت.

لە بابەت زمانەوەش بڕوای بە هایدگەر هەیە کە دەڵێت ئەوە زمانە ئێمە نین کە قسە دەکات، گادامێر زمان و بیرکردنەوە پەیوەست بەیەک دەکات و پێی وایە زمان لەگەڵ فیکر ڕۆڵێکی فرەوفیلاوی دەبینێت و دەیخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە وشەگەلێکی کۆتا پێهاتوودا، لە هەمان کاتدا بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەلالەتە بێ کۆتاییەکان و چەندان پرسیارکردن، هەروەها زمانی شیعری لای گادامێر ڕاستی و ناڕاستی بەیەکەوە دەدرکێنێت، یان نامۆبوون کە پێوەندی بە داپچڕانی خودی مرۆڤەوە هەیە لە شتێک، یان شتگەلێک، بۆیە پرۆژەی هێرمنیوتیکی گادامێر نامۆبوونی هۆشیاری ئیستێتیکی و مێژوویی تێدەپەڕێنێت، دواتر سەرنجی خۆی لە بارەی هێرمنیوتیکای شلێرماخر و جێنشینەکانی دەخاتە ڕوو کە وەک ڕێبازێکی تەکنیکی و هونەری تێگەیشتن پراکتیزەی دەکەن، هەروەها لای دلتای پابەندە بە کێشەیەکی ئەپستمۆلۆژییەوە، بە تایبەتی ئەپستمۆلۆژیای دیکارتی کە بەسەر بیرکردنەوەکانی (دلتای)یەوە زاڵ بووە، لێرەوە گادامێر گیانێکی دیالۆگانە لە هێرمنیوتیکادا دادەمەزرێنێت، دەکرێت ئەم شێوە خوێندنەوەیە لای گادامێر بە زمانی یاری لە گەمەی «تێنس» نزیک بێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەم پێوەندییەی نێوان دەق و وەرگر کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی تێدا بێتە پێش و ببێتە هۆی تێنەگەیشتن و چێژ وەرنەگرتن، لەوانە حەزی کەلەپووری و ئارەزووی سایکۆلۆژی لەکاتی خوێندنەوەدا، یان دروستبوونی هاوسۆزی و لایەنگیری و هەڵچوونی میزاجی لەنێوان خوێنەر و دەقدا، یان بوونی مەودایەکی زەمەنی و شوێنی لەنێوان وەرگر و کاری هونەریدا، بەتایبەتی لە دەقی مێژووییدا کە بۆ سەردەمێکی دووری ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و لێرەدا گادامێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نامۆیی و ئاستەنگی مەوداکان، بنەمایەکی ئەنترۆپۆلۆژی دادەمەزرێنێت کە بەشداری لە تێپەڕاندنی کێشەی نامۆیی و هۆشیاری ئیستێتیکی سەردەم دەکات.

بەمەش بەردەوامبوونێکی مێژوویی لەنێوان هونەرەکانی ڕابوردوو و ئێستا دێنێتە کایەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەنابردنی بۆ دیاردەکانی ژیانی ئینسانییەوە، وەک دەستنیشانکردنی یاری، سیمبوڵ، ئاهەنگسازی، لای ئیمانوئێل کانت سروشتی چێژ وەرگرتن لە جوانی کە حاڵەتێکی هەستیاری زەینییە تێیدا موڵکییەتی زەینمان لەگەڵ خەیاڵ بەیەکەوە لە جۆرێک لە یاریدا دۆستایەتی دەکەن، بەڵام گادامێر ئەم چەمکە ئیستێتیکییەی کانت لە حاڵەتی خودییەوە تێدەپەڕێنێت، یان بەشێوەیەکی تر ئەم چەمکە لە مانای خودی ڕزگار دەکات و جەخت لەسەر توخمی بەشداری کردن دەکات و جۆرێک لە خودییەت دادەمەزرێنێت، کە ئەوەندەی پێوەندی بە «یاری»یەوە هەیە، ئەوەندە پێوەندی بە یاریکەرەوە نییە، ئەم خاڵەش یەکسەر کتێبی «أصل الفن»ی هایدگەرم بیردەخاتەوە، گادامێر پێی وایە ئەوە یارییە کە یاریکەر دەخاتە نێو سیحری خۆیەوە، بۆ نێو یارییەکە ڕایدەکێشێت و هانی دەدات، گەمە لە خۆیەوە ڕوودەدات، ئەو لایەنە خودییە لەخۆوەی یاری، یان گەمە، لەلایەن گادامێرەوە زۆر جەختی لەسەر دەکرێت، کە لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی هایدگەرییە، بەڵام لێرەدا هەندێک کۆت و بەند و بەربەست هەن لە ڕێساکانی یاری- گەمەکەوە هەڵدەقووڵێن و ئازادی جووڵەکە سنووردار دەکەن وەک لە یاری شەترەنجدا کە ڕێگام پێ نادرێت یەکەم جار جووڵە بە شا «مەلیک» بکەم، هەمان شت بەسەر هونەردا پراکتیزە دەکرێت، بەو سیفەتەی کە گەمەیە، بەڵام گۆڕینی خودییەت لە یاریکەرەوە بۆ یاری، پێویستی بە نقوم بوونی یاریکەرەوە هەیە لە یاریدا، بەڵام ئەو کەسەی نەتوانێت خۆی لە جیددییەتی تەواو یاریدا ون بکات، یان خۆی بۆ سەرووی ڕوحی یارییەکە بەرز بکاتەوە و لە دەرەوە بمێنێت، چەشنی ئەو کەسە وایە کە وەرزشێکی هەڵە دەکات، هەڵبەتە پێوەندکردنی یارییەکە بە جیددییەت لە بنەڕەتدا گەڕاندنەوەی پێوەندی هونەرە بە ژیانەوە، هەروەها یاری و نەبوونی مەبەست، لە یاریدا، ڕەنگە ئەم ڕوانینە تا ڕادەیەک «کانت»ی بێت، دواتر پەیوەستکردنی هەمان یاری بە «زمان» بەشێوەیەکی تایبەتی کە گەمەکانی زمان، هەروەها دەبنە بنەڕەتێک بۆ گفتوگۆ، ئەمەش پێوەندی بە بوونی زمانەوە هەیە بەو سیفەتەی کەینوونەیەکی فێڵباز و خاوەن فرە دەلالەتە و کراوە بۆ زۆر جۆرە لێکدانەوەش.

ئەم نزیکردنەوەی گادامێر لەنێوان چەمکی گەمە و چەمکی گەمەی زمانی، ڕوانینەکانی «ڤیتگنشتاین»مان بیر دەخاتەوە، لە بارەی گەمەی زمانی و چەمکی

دەلالەتەکانی کە تا مرد، نەیتوانی پێناسەیەک بۆ دەلالەت دابڕێژێت.

گادامێر لەم ڕاڤە فەلسەفییەدا بێ ڕادە دەلالەت بەزمانی هێما وەسف دەکات، بەڵام ئەگەر زمان لای گادامێر سیفەتی گەمەی هەبێت، ئەوە سیمبۆلیش کە جۆرێکی زمانییە لە ناوەوەیدا بنیادێکی گەمەیی هەیە، بەشێکی تری هێرمنیوتیکای گادامێر پێوەندی بە «محایثە»وە هەیە، کە زاراوەیەکی زەمانییە و بەو واتایەی کە ئەوە ئاهەنگسازی «ئیحتفال»ە زەمەن دێنێتە بوون، بەهەمان شێوە کە دەڵێین ئەوە جووڵەیە زەمەن دەخولقێنێت، نەک زەمەن کە جووڵە بخولقێنێت، ئیتر ئاهەنگسازی بەهۆی بەشداریکردنەوە، خەسڵەتێکی دەستەجەمعی وەردەگرێت و هەڵدەکشێت، چونکە هەر کارێکی هونەری خۆی لەخۆیدا ئاهەنگسازییە.

ئەم ڕستەیە ڕوانینێکی «باختین»م بیردەخاتەوە کە جیهانی دەق بە ئاهەنگسازی لە قەڵەم دەدات، هەروەها خەسڵەتی زەمانییەتی ڕیتمی هونەر، لەگەڵ ڕوانینی گادامێر بۆ هونەر ڕێک دەکەوێت، بەو سیفەتەی هونەر گەمەیەکی ئازادە و پشت بە جووڵەی چوون و هاتن دەبەستێت، بەو سیفەتەش کە سیمبۆلە و متمانە لەسەر جووڵەی دەرکەوتن و دیار نەمانی مانا دەکات، ئەمەش لەگەڵ جووڵەی گەڕاندنەوە و دووبارەکردنەوەی ئاهەنگسازیدا ڕێک دەکەوێت. تێزی بەیەکگەیاندن و یەکگرتنی ئاسۆکان، لای گادامێر، بنەڕەتی تیوری بەردەوامبوون و بەیەک گەیشتنی مێژوویی لەنێوان ڕابوردوو و ئێستادا پێکدەهێنێت، دیارە بابەتی ئاسۆکان پێوەندی بە گەشەی ڕوانین و دووربینییەوە هەیە، هەروەها بەیەکگەیشتنی ئاسۆکان هۆکارێکی گرینگ و بنەڕەتییە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و دانوستانی ڕۆشنبیری و مەعریفی لەنێوان ژیارەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە تێکستی نووسراو، لە هەر شوێنێک بێت دەقێکە تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوە و ڕاڤەوە بوونی بەرەو تەواو کۆیی دەچێت، بۆیە دەتوانین بڵێین دەقی نەخوێندراو- چەشنی تیورێک دەمێنێتەوە و چاوەڕێی کەسێک دەکات، بێت و بیخوێنێتەوە و بەرەو پراکتیزەی بەرێت، واتە لە حاڵەتی تیوری دەریکات بۆ حاڵەتی کار، لە بێدەنگییەوە بۆ پەیڤین، لە عەدەمەوە بۆ بوون، بەم جۆرە هێرمنیوتیکای گادامێر شێوازێکی فەلسەفییە و گیانێکی شیعری بەدەقی فەلسەفی دەبەخشێت و جۆرێک لە نزیککردنەوە لەنێوان فەلسەفە و هونەردا دروست دەکات، بەو مانایەی کە فەلسەفاندن جۆرێکە لە تێفیکرینی جوان، گادامێر لە خوێندنەوەیەکی دا بۆ دەقێکی «پۆل سیلان» وەسفی چرکەی چاوەڕوانی و چاودێری ڕاوکەرێک - ماسیگرێک- دەکات کە تێیدا دەژێت، دوای هەڵدانی تۆڕەکەی بۆ نێو ئاو، هەڵبەتە دواتر، بابەتی - ئاسۆکان- لای «هانز ڕۆبیرت یاوس ١٩٢١-١٩٩٧» لە تێزی «تیوری وەرگرتن»دا شێوازی «ئاسۆی چاوەڕوانی» وەردەگرێت، کە تیوری وەرگرتن لە بواری ڕەخنەکاریدا یەکێکە لە تیورە نوێکانی پاش بنیادگەری، ئەم تیورەش بنەما ڕەخنەییەکانی لە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ و ئۆنتۆلۆژیای هایدگەر و هێرمنیوتیکای گادامێر وەرگرتووە.

لێرەدا دەکرێ بڵێین «ئایزەر»یش لەگریمانەکانیدا بۆ بۆشایی و کەلەبەرەکانی دەق، سوودی لەهێرمنیوتیکای گادامێر وەرگرتووە، یان دەتوانم بڵێم کتێبی «میتود و حەقیقەت»ی گادامێر، کاریگەری بەسەر قوتابخانەی «کونستانس»ەوە هەیە کە دیارترین مامۆستای ئەم قوتابخانەیە «یاوس و ئایزەر»ن.

لەلایەکی دیکەوە چەند بیرمەندێکی هاوچەرخی هێرمنیوتیکا لەوانە، بینی، پۆل ڕیکۆر، هێرش لە بواری ڕاڤەو شیکاریدا تیورێکی بابەتی «موضوع»ی لەسەر ڕێچکەی «شلێر ماخر» دامەزرێنن، تا هێرمنیوتیکا مۆرکێکی زانستی وەربگرێت و پشت بە میتودێکی بابەتی و بەهێز ببەستێت، تا ئەو حاڵەتی نا بابەتییەی گادامێر تێپەڕێنێت کە جەختی لەسەر دەکرد، چونکە گادامێر لە بواری هێرمنیوتیکادا بایەخی بە میتود نەدەدا، هاوکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرمنیوتیکا و گرنگی نەدانی گادامێر بە میتود، کۆتایی بەوە هات کە لایەنگرانی تیوری وەرگرتن و هەڵوەشانەوەگەری، دەسەڵاتی دەق وەلانێن و لابدەن، دریدا لە هەندێک ڕووەوە لەگەڵ گادامێر هاوڕابوو کە حەقیقەت وەک ڕووداوێک لەنێو دەقدا دەمێنێتەوە و واتاش لە دەقدا بەیەک خوێندنەوە خۆی بەدەستەوە نادات، ڕووداو هەمیشە هەڵگری چەندان واتای شاراوە، ڕاستی گەلە، دەشێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لە هەندێک ڕووی تەفسیرییەوە دریدا بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی گادامێر بیری دەکردەوە.